## به نـاوی خـوای بهخشـندهو میهرهبـان

**به نـاوی گهلـــهوه**
**ئه نجـومهنی نیشتمانیی کوردســـتانی عێـراق**
**ژمارهی دهرهێنـــان : ١١**
**رۆژی دهرهێنـــان : ٢٠٠٠/٤/١٩**

## " بـڕیـــار "

پشت بهو دهسهڵاتهی که بهپێی برگه(٣)ی مادده(٢) لهیاسای ژماره(١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمـان دراوهو لهسـهر ئهوبنهمایـهی کـه ئهنجومـهنی نیـشتیمانیی کوردسـتانی عێـڕاق لـه دانیشتنی ڕۆژی ٢٠٠٠/٤/١٩ یدا یاساکاری کردووه، بڕیاری دهرهێنانی ئهم یاسایهمان دا ٠

## یاسای ژماره( ٣ ) ی ساڵی( ٢٠٠٠ )
## یهکهم ههموارکردنی یاسای ژماره( ١ )ی ساڵی ١٩٩٩ ی
## سهندیکای ئهندازیاره کشتوکاڵییهکان

**ماددهی یهکـهم:**

ماددهی دوازدهمینی یاساکه ههموار بکرێ، بهم شێوهیه بخوێندرێتهوه :

١) دهستهی گشتی لهههموو ئهندامانی سـهندیکا ، یابریکارهکـان ، کهبـهپێی ئـهم یاسـایه ئیلتیزامـاتی خۆیـان بـهجێ هێنـاوه، پێکـدێت ٠ ئـهم دهسـته گـشتیهش بـه بـالآترین دهسهلآتی سهندیکاکه دادهنرێ و، ههر(٣) ساڵیش ، جارێ له مانگی کـانوونی دووهمـدا ، کۆبوونهوهی گشتیی ئاسایی خۆی له بارهگای سهندیکاکه، به بڕیـارێکی ئهنجوومـهن و لهسهر داواکردنی سهرۆکی سهندیکا (نهقیب) دهگێـرێ ، لهوکۆبوونهوهیـهدا سـهرۆکی سهندیکا(نهقیب) و ههشت ئهندام و دووئهندامی یهدهگیش بۆ ئهنـدامێتی ئهنجوومـهن و ئهندامانی لیژنهی (ئینزیبات) ههڵدهبژێرێ و ، (نیـصاب) یـش بـهئامادهبوونی زۆرینـهی ئهندامه ناو تۆمار کراوهکان، یان بریکارهکان دێته جێ و، ئهگهر نهشهاته جـێ ، ئـهوا ، لهوبارهدا ، دوای تێپـهڕبوونی پـازده ڕۆژ بهسـهر کۆبوونـهوهی یهکهمـدا ههڵبـژاردن لـه هـهمان کـات و جێگـهدا ئـهنجام دهدرێ و (نیـصاب) یـش بـه ئامـادهبوونی سـێیهکی ئهندامان ، یابریکارهکان ، دێتهجێ وئهگهر نهشهاته جێ ، ئهوا ، ئهنجوومهنی پێـشتر ، بۆ خولێکی دیکهش بهردهوام دهبێ٠

٢) ئەگــەر هــات و ، ژمــارەی ئەنــدامانی ســەندیکا لــە(٥٠٠)ئەنــدام زیــاتربوو ، ئــەوا ، هەڵبژاردنەکـە لەڕێگـەی بریکارەکانـەوە ئـەنجام دەدرێ و ، ڕێـژەی نوانـدنیش لەلایـەن ئەنجومـــەن ، یـــا ئـــەوەی فرمـــانی هەڵدەســـوڕێنێ ، بەئەنـــدامانی ئەنجوومـــەنی سەندیکاکەشەوە ، دیاری دەکرێ٠

**ماددەی دووەم :**

وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پێویستە حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار٠

**ماددەی سێیەم :**

ئـەم یاسـایە لـە ڕۆژی بڕیـار لەسـەردانییەوە دەخرێتـە کـارو لـە ڕۆژنامـەی رەسمیـدا بلاّودەکرێتەوە٠

**د.رۆژ نـوری شـاوەیس**
**سـەرۆکی ئە نجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێـراق**